


# تارماييەكانی..

**شیرین. ك**

لەسەر تاكە مۆبێلەكەی بەردەم پەنجەرەكە دانیشتووە، ورچێكی پەڕۆیینەی لەباوەشگرتووە، تا چاو بڕبكات سەحنی سەتەلایتەكان سەربان و بالكۆنی خانووەكانی داپۆشیوە، چاوانی زۆر بڕناكەن، هەر ئەم بەیانییە كە دانەوییەوە بۆ هەلگرتنەوەی ئەو ورچە پەڕۆیینەیەی كە كوڕەزاكەی لەوێ لێی جێمابوو، عەینەكەكەی لەچاوی كەوتە خوارێ و تاكێ شووشەی شكاو ئەوی تریشیان هاتە دەرەوە، لەوە ناچێ لەهیچ بڕوانێ، هەروا بۆخۆی دانیشتووەو جار بەجار بۆنێك بە ورچەكەوە دەكات و بزەیەك بەحاڵ دەمولێوی دەگەشێنێتەوە، ئەو دەمولێوەی كە تائێستاش شتێك لە جوانی و فریودانی تیاماوە. دەنگە دەنگی دەرەوە دەگاتە گوێی كە لە ماڵەكانی لای خوارەوە دێ، ماڵە یەك نهۆمییەكانی سەر شیوەكە، ئەوانەی چوار وەرزی ساڵ ژنەكان دێنە بەر دەرگاو مناڵەكانیشیان پێكەوە یاری و شەڕیش دەكەن.... لە یەكێك لەو ماڵانەوە دەنگی لایلایەیەكی بەسۆز بەرز دەبێتەوەو ریتمی دەنگە دەنگەكەی كۆڵانەكە دەشكێنێ.. ئەمیش سەری لە پەنجەرەكەوە دەباتە دەرێ، نێوچاوانی گرژ دەكا، خاو دەبێتەوە، سەری دێنێتەوە ژوورێ، دادەنیشێتەوە، ورچەكە دەنێ بە سنگییەوە، پڕ بە هەناسەی بۆنی دەكات، ماچی دەكات، چاوانی دادەخات و ملی بەلارەوە دەگرێ، دەنگەكە بەسۆزترو خەمناك و خاوتر دەبێتەوە، لایلایە.. رۆڵە لایلایە..لا..لا..للا..

**لەسەر بەڕەیەكی رەنگاوڕەنگ قاچەكانی راكێشابوو، وردە وردە دەستی بە بێشكەكەوە شلكردو لەسەرخۆ راژەندنەكەی خاوكردەوە، لە پەنجەرەكەوە تەماشای دەرەوەی كرد، زەردەپەڕ بوو، پەنجەرەكە**

**بەسەر حەوشەیەكی بچووك و حەوزو فوارەیەكی بچووكی شینی ئاسمانی و كەپرێكی نزمدا دەیڕوانی.. ڕەشەبا گەڵا سەوزو زەردو سوورباوە زبرو خۆڵاوییەكانی بەیەكدا دەدا، لەناكاو كردی بە گێژەڵووكەو تاكی پەنجەرە كراوەكەی بەیەكدا داو تۆپەڵێ پەپوولە پایزەی خۆڵاوی كرد بەناو پەنجەرەو ژوورەكەدا، منداڵە ساواكەی ناو بێشكەكە داچڵەكی، چاوە قاوەییە گەورەكانی كردەوەو كوركە كوركێكی كرد، دەستیكردەوە بە ڕاژەندنی، سەری ساواكە بەملاو ئەولادا دەكەوت و قژە ئاڵتوونییە تەنكەكەی بەسەر ناوچەوانیان پەرش دەبوو، ئەمیش بە نوزە نوزو دەنگێكی نیمچە نووساوەوە كەوتە لایلایە بۆكردنی، هەناسەیەكی هەڵكێشاو بەزەردەخەنەوە (خۆزگە دەنگم خۆش دەبوو، خۆم دەمزانی چۆن لایلایەیەكم بۆ دەكرد، وابوایە بەردم بە ئاو بكردایە.. لایلایە، لایە..)**

لەپڕ دەنگی لایلایەكە نەشازی تێدەكەوێ و خاو دەبێەوە ئینجا زیڕو هوڕی منالێك بەرز دەبێتەوە، لایلایەكە دەبێ بە هاوارێكی تووڕەو دوو سێ جنێو و دوعای گەرموگوڕ كە لەدەرگای یەكێك لە ماڵە یەك نهۆمییەكانی سەر شیوەكەوە دێ و دەنگە دەنگ و زیڕو هوڕی منالان كپ دەكا.. ورچەكەی وەكو مەلۆتكەیەك لەباوەش دەگرێ و دەكەوێتە ڕاژەندنی (دوو كچ و دوو بووكم هەیە قەت گوێم لە هیچكامیان نەبووە ڕۆژێ لایلایە بۆ منالێكیان بكەن.. لەوە دەچێ منالی ناو كاریكۆت لایلایەی نەوێ) هەڵدەستێتە سەرپێ، لەسەرخۆ ورچەكەی لەسەر مۆبیلەكە دادەنیشێنێ، دەكەوێ بەلادا، راستیدەكاتەوەو دەستێك دەهێنێ بەسەریاو بە زەردەخەنەوە لێی ورد دەبێتەوە ئینجا لەسەر زەوییەكە بەرامبەری دادەنیشێ و ..

**(تاقی پەنجەرەكە گەورە بوو جێی ئەمی حەوت ساڵانی بەئاسانی تیا دەبووەوە، تیشكی خۆری ئەو نیوەڕۆی بەهارە دەیدا لە شووشەی زەردو سوورو شین و سەوزەكان و تیشكێكی ڕەنگاڵەیی ناو تاقی پەنجەرەكەی پڕ كردبوو لە بارانی ڕەنگ، دوو بووكە سەماكەرەو دوو بووكە دارینەی دانابوو، پڕ كۆشی پارچە قوماشی ڕەنگاوڕەنگ بوو، دەرزی و دەزووی بەدەستەوە بوو، لەبەرخۆیەوە بە دەنگێكی نیمچە نووساو و بە نوزە نوز سروودێكی دەوت لەوانەی لە قوتابخانە فێریان كردبوون، لەپڕ دەرزێكە چوو بە كەڵەموستیاو قەترەیەك خوێن ڕژایە سەر پارچە تافتە زەردباوەكەی دەیدروو، بەتوڕەییەوە دەرزی و دەزوو و پارچە قوماشەكەی فڕێدا، دڵی گوشرا، سارغییە سپییەكەی سەری باوكی بیركەوتەوە، كە بە دەرمانێكی سووری كاڵ و خوێنی سووری تۆخ پەلە پەلە بوو بوو.. ختوورەیەك لە دڵی گەڕا (ئەگەر باوكم چاك نەبێتەوەو.. بمرێ، جلی ڕەش لەبەرئەكەین، ئەوسا منیش جلی ڕەش، دەنگی هەڵبڕی رووی كردە بووكەڵەكانی: جلی ڕەش بۆ ئێوەش ئەكەم، كەیفی خۆتانە ناشرینە ناشرین نییە)... دەستی دایەوە پارچە تافتە زەردەكەو دەرزی و دەزووەكەی و دەستی بە دروومانكردەوە، پاش تاوێ لە دوورەوە غەڵبەغەڵبێك هاتە گوێی كە هەر زوو نزیك بۆوەو ڕۆڕۆی ژنان و باوكەڕۆو براڕۆی پیاوان زارەترەكییان كرد، پاس قەمەرەیەكیش لەبەر دەرگاكەیاندا وەستا، كە لێی وردبووەوە دارە مەیتێكی بەسەرەوە بوو، ویستی هاواركات دەنگی دەرنەهات، هەستاو بەرەو دەرگای سێدەریەكە رایكرد، پارچە قوماشی ڕەنگاوڕەنگ بەدرێژایی ناو دەرگاو هەیوان و سەر پلیكانەكان وەكو هێڵێكی خوارو خێچ پەرش و بڵاو بوونەوە).**

دەنگی ئەڵڵاهو ئەكبەری مزگەوتەكەی نزیكیان دایدەچڵەكێنێ، ورچەكەی وەكو مەلۆتكەیەك بە قوماشێكی پەمەیی كاڵ قومات دەكات، كزەیەكی سارد لەو تاكە پەنجەرە كراوەیەوە دێتە ژوورێ، هەڵدەستێتە سەرپێ و پەنجەرەكە دادەخات، ورچەكە هەڵدەگرێ و پارچە قوماشەكەی لێدەكاتەوە، كەمێ بەپێوە رادەمێنێ و لە پارچە پەمەییەكە ورد دەبێتەوەو پارچە قوماشەكە تۆپەڵ دەكات و دەینێ بە سنگییەوە..

**(لەسەر لێواری سیسەمەکە دانیشتبوو کە بەسەر جێگەیەکی سەتەنی پەمەیی کاڵ داپۆشرابوو بەداوی سیمینی زیوی چنرابوو، بەرامبەر تاکێ پەنجەرەی گەورە بوو کە بەسەر حەوشەو باخێکی یەجگار گەورەدا دەیڕوانی، بەڵام ئەودەمە لە تاریکیدا نقووم بوو، بارانێکی ورد بەبێدەنگی دەباری، گڵۆپە وردەکانی چلچراکە کز دەسووتان وێنەی خۆی بە بەرگی سپیی بووکێنییەوە لە تەبەقە شووشەی پەنجەرەکەی بەرامبەریا دەبینی لەگەڵ ئەو ژنانەی کە دەوریان گرتبوو هەندێکیان بێپەردە دەدوان و دەتریقانەوە، پورە گەورەکەی هاتە پەنایەوەو هەندێ رستەی بەگوێیدا چرپاندو ئەمیش بەڕوویەکی مۆنەوە بەخێرایی سەری بۆ لەقاندو هەموو بە پەلەپروسکێ دەوریان چۆڵکرد، وێنەی خۆی بەتاقی تەنیا لەسەر شووشە تاریکەکەی پەنجەرەکە ئاشکراتر دەبینی و دەرەوەش تاریکتر بوو، دەرگای ژوورەکە کرایەوە بۆ یەکەمین جار قەدو باڵاو رووخساری ئەو پیاوەی بینی کە دەبێتە مێردی، بەپەلە هەستایە سەرپێ، چەپکە گوڵە رەنگاوڕەنگە کاغەزینەکەی باوەشی لێکەوتە خوارێ، بە شپرزەیی هەنگاوی هەڵهێنا، بە پێڵاوە پاژنە عانەکەی زەنگیانەو نقێمەکانی چەپکە گوڵەکەی پێ رازێنرابووەوە پچڕان و پەرش و پان بوونەوە، دانەوییەوە چەپکە ژاکاوەکەی هەڵگرێتەوە سەیرێکی شووشەی پەنجەرەکەی کرد، خۆی نەدی، بەڵکو تارمایی مێردەکەی بە قاتێکی رەش و سەروقژو سمێڵێکی قەترانییەوە، کوڕە لاوەکەی بە خۆی و چاوە قاوەیی و قژە کاڵەکەی و قاتە کاوبۆیەکەیەوە، باوکیشی بە شەرواڵ و ستارخانییە خۆڵەمێشییەکەی و مشکییەکەی سەرێوە، زەردەخەنەیەکی بۆ کردن و راست بووەوەو دەستی بە چەپکە گوڵەکەوە بۆ درێژکردن...)**

پارچە قوماشە پەمەییەکەی کە بە تۆپەڵی نابووی بە سنگییەوە لێی بەردەبێتەوە، هەڵیدەگرێتەوەو لەسەر مۆبیلەکە دادەنیشێ و پاڵدەداتەوەو چاوانی دەبڕێتە بنمیچەکەو دوو دڵۆپ فرمێسك بەلاجانگیا دێە خوارێ، خۆی راستدەکاتەوە بە قوماشە پەمەییەکە فرمێسکەکانی دەسڕێ، ورچەکە هەڵدەگرێتەوە بە قوماشە پەمەییەکە قووماتی دەکات و دەینێ بە سنگێوە، دەڕواتە لای تاکە درێژەکەی مۆبێلەکە، گۆشەیەك دەهێنێ و پاڵدەکەوێ، رێك بەرامبەر پەنجەرە گەورەکە، ورچەکەشی وەکو ساوایەك لەباخەڵیا پاڵدەخات، بە نوزە نوزو دەنگێکی نیمچە نووساوەوە دەکەوێتە لایلایە بۆکردنی، وردە وردە دەنگی نزم و خاو دەبێتەوە، بەرە بەرە چەند تارماییەك لەسەر شووشە ئاوێنە ئاساکەی پەنجەرە گەورەکە دەردەکەون. تا ئەم دەنگی نزمترو خاوتر دەبێتەوە تارماییەکان روونترو ئاشکراتر دەبن و ئەدگارەکانیان دیارتر دەبێ، باوکی بەسەری زامدارو سارغی سپی بەخوێن و دەرمان بەڵەك بەڵەك بوو، کوڕە لاوەکەشی بە پەتەکەی ملییەوەو بە دوو چاوی قاوەیی ئەبڵەق و قژێکی ئاڵۆسکاوەوە، مێردەکەشی، پیرێکی لاجانگ سپی سەر رووتاوەی گۆچان بەدەست بەخۆی و چەپکێ گوڵی کاغەزینی ژاکاوی رەنگ پەڕیووەوە.. زەنگی تەلەفۆنەکەی لێدەدا زرنگ.. زرنگ، دەرگای حەوشەکەش، دینگ.. دینگ لێدەدرێ، دەرەوە تەواو تاریکە، ژوورەکەش رووناك.. بەخەبەر دێتەوە بەحاڵ خۆی راستدەکاتەوە، جەڕەسی تەلەفۆن و دەرگاکە بەردەوام لێدەدەن و تێکەڵدەبن، چاوانی دەبڕێتە شووشە ئاوێنە ئاساکەی بەرامبەری چ تارماییەك لەسەر پەنجەرەکە نابینێ، پاڵدەکەوێتەوە، جەڕەسی تەلەفۆن و جەڕەرسی دەرگاکە دەوەستن، چاوی لێکدەنێ، وردە وردە ورچە پەڕۆیینەکەی کە ئەم بەیانییە لە کوڕەزاکەی بەجێمابوو لە باوەشی دەخزێ و دەکەوێتە خوارەوە، چاو دەکاتەوە، تەماشای لەسەر شووشەی پەنجەرەکە رادەگرێ، بزەیەك دەیگرێ، وردە وردە برژانگەکانی لێکدەنێ، خۆی گرمۆڵە دەکات و بەدوای خەونێکدا دەگەڕێ تارماییەکانی سەر شووشەکەی تیابێت...